# گومانم لە دڵسۆزی مالکی هەیە

عومەرمحەمەد

مانشێتی سەرەکی ژمارە(77)ی هەفتەنامەی ئاوێنە بەرواری 2007/7/10 باس لەوەدەکات، کەنوری مالکی سەرەك وەزیرانی عێراق، بەسەرۆکی هەرێمو سەرۆکی حکومەتی کوردستانی راگەیاندووە، پەتی سێدارە لەهەڵەبجە بۆ عەلی حەسەن مەجید ئامادەبکەن..من وەکو هاوڵاتییەك وێرای ئەوەی لەسیدارەدانی جەلادەکان لەکوردستان رەتدەکەمەوە، زۆریش گومانم لەم دڵفراوانییەی بەرێز مالکی هەیە، گومانەکەشم لەوێوەیە کە بۆچی بۆ هەزاران داواکاری بەرهەقی خەڵکی کوردستان بەگشتیو شاری هەڵەبجە بەتایبەتی، مالکی مێشی میوان نیە؟ کەچی بۆ ورتە ورتی لەسێدارەدانی عەلی حەسەن مجید لەهەلەبجە، گوێی سوکەو زۆر بەپەلە بەهانامانەوەدێت؟! دڵنیام مالکی دەزانێ ئەم داوایەی کورد زۆرگچکەیە، نەجێبەجێکردنی کارێکی مەحاڵەو نە کوردیش سودێکی لێدەبینێ، بەپێچەوانەوە زۆریش زەرەرمەندە، سەرۆك ئەگەردەیەوێت، نییەت پاکی خۆی بۆ کورد بسەلمێنێت، کاری گرنگتری لەپێشە، بۆئەوەی رێزلە کوردو لەبریاری دادگای وڵاتەکەی بگرێت، بابەمەرسومێکی کۆماری داوای لێبوردن لەگەڵ کورد واژۆ بکات، لەمپەر لەبەردەمی دەولەتی عێراق دانەنێت. ئەوەی سودی گەورە نەك هەربە کورد وەکو نەتەوەیەکی جینۆسایدکراو، بەڵکو بەعێراقیش دەگەیەنێتو روخساری لەبەردەم کۆمەڵگەی نیودەولەتی جواندەکات. واژوکردنی بریارێکی ئاوایە، ئەمە ئەرکێکی سیاسیو ئەخلاقی دەوڵەتی عێراقە، کە ئەمرۆبێت یان سبەی دەبێت پێی هەستێت.

بۆیە گومانم لەم موبادەرەیەو نیەت پاکی بەرێز مالکی هەیە.. چونکە وای بۆدەچم بیەوێت، بەبەردێك دوو نیشان بشکێنێت، لەلایەك سونەکان ئیستفزاز دەکاو کوردیش لەدوو بەرەکێی شەری مەزهەبیەوە دەگلێنێ، لەلایەکیش هەستی مردو پەرستانەی کورد دەوروژێنیو داواگچکەکانی ئەم میللەتە نیشانی دنیادەدات. دەنا ئەگەر مەسەلەکە بەرژەوەندیو سۆزداریە لەگەڵ ئەم میللەتە، ئەوا کورد زۆر داواکاری بەرهەقو رەوای هەیە، لەپێش هەمووشیانەوە جێبەجێکردنی مادەی 140ی دەستور، سەنگی مەحەکی دڵسۆزی حکومەتی عێراقو سەرکردایەتیەکەیەتی، بۆچارەسەری کێشەکانی کورد لەعێراقدا.

من دەپرسم ئەگەر مەسەلەکە دلسۆزیو هاوسۆزیە لەگەڵ کورد، بۆچی پێشتر سەرۆك وەزیرانی عێراق، هێندە جەختی لەسێدارەدانی "صدام حسێن" گەورە تاوانبار دەکردەوە؟! مەگەرئەمە نەدەچووە خانەی دڵسۆزیەوە بۆکێشەکانی کورد؟ بەڵام ئەفسووس.. هەرگیز نەدەبوایە بەرێزمالکیو شیعە دەسەڵاتدارەکانی ئەمرۆی حکومەتی عێراق، بۆ لەسێدارەدانی صدام ئەوجەختە زۆرە بکەن، چونکە ئەو جگەلە تاوانی دوجەیل لەقەفەزی کۆمەڵە تاوانێکی تری نیونەتەوەییدا بوو، بۆئەوەی بەلای کەمەوە "صدام" لەسەر هەردوو تاوانەکە سزا بدرایە.نەك لەبەرخاتری تاوانەکەی دوجەیل تاوانی ئەنفالی لەئەستۆ لابەرن.

تکام لەسەرۆکی هەریمو سەرۆکی حکومەتو سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەوەیە، ئەم داوایەی مالکی جێبەجێنەکەنو هەلەبجە بەم کارە ناشرین مەکەن، هەڵەبجە لانکەی ناوەندی رۆشنبیری کوردبووە، نەك شوێنی ئیعدامکردن، هێشتا هەناسەی بۆنەگەراوەتەوە، باپەتی سیدارەی تیدا هەڵنەخرێ، ئەمەخزمەت نیە بەوشارەی دەکەن، کێ دەخوازێت چاکە لەگەڵ هەڵەبجەییەکان بکات، باکاریگەریەکانی تاوانی کیمیابارانی لەسەر کەم بکەنەوە، بەلای کەمەوە با کۆڵانەکانی قیرتاو بکەنو روخساری شاری رۆشنبیرانی بۆ بگێرنەوە.